The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

نامەیەكی تایبەت بۆ دادگای باڵای تاوانی عێراق.

لە ناوندی هەڵەبجە، دژ بە ئەنفالكردن و جینۆسایدی گەلی كورد ـ چاك ەوە.

بابەت/ دادگایكردنی تۆمەتبارانی سەرانی ڕژێمی پێشووی عێراق، لەسەر پاكتاكردنی كوردە فەیلییەكان.

پێشەكی، دەمانەوێت سوپاس و ڕێزی خۆمانتان پێڕابگەیەنین، بۆ هەوڵ وكۆششتان بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی دادگای باڵای تاوانی عێراق و پەیڕەوكردنی دادپەروەریی لە دادگایكردنی ئەنجامدەرانی بەرپاكردنی تاوانی نا مرۆڤانە لە سەرانی ڕژێمی عێراقی لەناوچوو ، كە بە شێوازێكی دڕندانە تاوانیان كردبوو بەرامبەر بە گەلی عێراق بە گشتی و گەلی كورد بە تایبەتی. وەك تاوانی ئەنفال ، كیمیابارانی هەڵەبجە، كۆمەڵكوژی بارزانیەكان، بێسەروشوێنكردنی كوردە فەیلیەكان و دەربەدەركرنیان، كوشتنوبڕینی خەلكی دوجەیل و وشكرنی زەڵكاوەكان و ئاوارەكردنی دانشتوانی و چەندین تاوانی تر.

ئێمە لە ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالكردن و جینۆساید گەلی كورد ـ چاك، كار دەكەین لە پێناو ناساندنی جیهان بەو تاوانە نامرۆڤانەی كە ئەنجامدران دژ بە گەلی كورد بە هەموو چین وتوێژەكانییەوە لەوانەش كوردە فەیلییەكان كە توێژێكی گرنگی گەلەكەمانن و توشی زەبروزەنگ و مەینەتی زۆر بوون، هەروەها لە پێناو ڕێگرتن لە دووبارەبوونەوەی ئەو جۆرە تاوانانە.

لەو كاتەی هەمووان چاویان بڕیوەتە ئەو ڕۆژەی تیادا بڕیاری سزادانی تاوانباركراوەكانی دۆزی بێسەروشوێنكردنی كوردە فەیلییەكان و دەربەدەركردنیان ئەدرێت، لەم نامەیەدا، داوا لە دادگا شكۆدارەكەتان دەكەین كە ئەوەی كوردە فەیلییەكان دووچاری بوون، بە پرۆسەی لەناوبردنی بەكۆمەڵ (جینۆساید) لە لایەن دادگاكەتانەوە بناسرێت و بڕیاری لەسەر بدرێت. چونكە چەمكی جینۆساید دەقاودەق ئەو تاوانانە ئەگرێتەوە بەپێی پەیماننامەی نەتەوەیەكگرتوەكانی ساڵی 1948، و هەر وەك پێناسەی جینۆساید ئامەژەی پێدەكات: ( پیادەكردنی كردەوەیەك بە ئامانجی وێرانكردنی بنەما بنچینەییەكانی ژیانی كۆمەڵە ئەتنیكیەكان).

هیوادارین كە هەیئەتی دادگا شكۆدارەكەتان، ئەم داوایەمان بە هەند وەربگرێت و بایەخی پێبدات لەبەر گرنگی پرسەكە و خزمەت بە قوربانیان و دادپەروەری و مافی مرۆیی.

ناوەندی هەڵەبجە دژ بەئەنفالكردن و جینۆسایدی گەلی كورد ـ چاك.

www.chak.info chak.org@gmail.com